# قوتابخانە ئابوورییەکان




# لە فیزیۆکراتەکانەوە تا مارکس

ئامادەکردنی ئەنوەر نەجمەدین

نۆڤامبری ٢٠١٧

## ئابووری چیە؟

ئابووری سیستمێکە تێکڕای جووڵەو پرۆسێسی (بەرهەمهێنان و دابەش کردن و ئاڵوگۆڕو بەکاربردن) دەگرێتەوە. زانا ئابووریەکانیش، لە دوو مەنهەجی جیاوازو چەندان قوتابخانەی جیاوازەوە کە لە (ئابووری سیاسی) و (ئابووری-مێژوویی) دا خۆیان مانیفێست دەکەن، یان لە چارەسەری گرفتە ئابووریەکانی سەرمایەداری دەگەڕێن و هەریەکە پێشنیارێک دەخەنەڕوو دەربارەی سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت، داهاتی نەتەوەیی، چۆنیەتی ڕێکخستنی بازاڕی ڕکابەری، وە یان لە ناکۆکیە بنەڕەکانی کارو سەرمایەو ئەو جەنگە چینایەتیانە دەکۆڵنەوە کە لەو ناکۆکیە بەردەوامانەوە سەرچاوە دەگرن و تێپەڕ دەکەن بۆ هەڕەشەیەکی ڕاستەخۆ لە سیستیمی سەرمایەداری. لەوانە:

## میرکانتالیزم:

میرکانتالیزم (لە لاتیندا : بازرگانی) یەکێکە لە تیۆریە هەرە کۆنەکانی ئابووری سیاسی و لە سیاسەتی داهاتی نەتەوەیی و چۆنیەتی چالاک کردنی بازرگانی دەکۆڵێتەوە، ئەمەیش لە گۆشەنیگای کەڵەکەبوونی ئاڵتوون و زیوەوە. ئەم تیۆریە، لە ١٥٠٠ هەتا ١٧٠٠، پێشڕەوی بێ ڕکابەری هەموو تیۆریە ئابووریەکانی ئەوروپا بووە. بەپێی ئەم تیۆریە، کەڵەکەبوون لە ڕێگای زێدەوە ڕوودەدات لە بازرگانیی دەرەوەدا بە هۆی دەسەڵاتێکی حکومی مەرکەزی و پارسەنگی بازرگانیەوە لە زیادکردنی هەناردەی بەرهەمهێنراوەکان و کەم کردنەوەی هاوردە کردنەوە.

## فیزیۆکراتەکان:

زاراوەی میرکانتالیزم، لە سەدەی هەژدەهەمدا، لە یەکێک لە قوتابخانە هاوچەرخەکانی ئابووری سیاسیەوە کە فیزیۆکراتەکانی فەرەنسا بوون بڵاوبۆتەوە، دواتریش لە ١٧٧٦ دا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەکانی ئادام سمیسی سکۆتلەندیەوە بڵاوەدەکات.

فیزیۆکراتەکان، کۆمەڵە زانایەکی ئابووری بوون، وایان بینیوە هەموو دەوڵەمەندیەکی ووڵات لە کشتوکاڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

کارل مارکس باس لەوە دەکات کە زانستی ئابووری: "بۆ یەکەمینجار، بە فەزڵی فیزیۆکراتەکان، چووە پلەی زانستێکی تایبەتی، وە ئیتر لەو کاتەوە وەک زانست ناسراوە" (مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل : ٤٤٨).

ئەمەیش لەو دیدگایەوە کە ئیتر ئابووری؛ وەک لقێکی زانست، پەیوەندیە سیاسی و حقوقیەکانی دەگێڕایەوە سەر سەرچاوە مێژووییەکەی، واتە پەیوەندیە ئابووریەکان.

## ئابووری لیبرالیستی:

ئادام سمیس، بازاڕی لیبرالیستی (بازاڕی ئازاد، بازاڕی ڕکابەری) و دوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت، پێشنیار دەکات بۆ گەشانەوەی ئابووری. مێژووی ئەم تیۆریەیش، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنیسانس لە سەدەی هەژدەهەمدا. لێرەوە ئابووری سیاسی، توندتر دەکەوێتە دژایەتی شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و لایەنگیری ڕکابەریی سەرمایەداری.

ئا لەم دیدگایانەوە، ئادام سمیس دەکەوێتە ڕەخنەی میرکانتالیستەکان و دەڵێت: "وا دادەنرێت ووڵاتێکی دەوڵەمەند، بە هەمان شێوازی پیاوێکی دەوڵەمەند، ووڵاتێکە کە پارەی لێبڕژێت؛ وە ئاڵتوون و زیویش لە هەر ووڵاتێکدا کەڵەکە بوو، ئیتر ئەوە ئاسانترین شێوازە بۆ دەوڵەمەند بوونی. دوای ماوەیەک لە دۆزینەوەی ئەمریکا، یەکەمین پرسیاری ئیسپانیا، لەگەڵ گەیشتنیاندا بە یەکێک لە کەنارە نەناسراوەکان، ئەوە بووە ئایا هیچ ئاڵتوون و زیوێک لە دەوروبەری ئەو کەنارەدا دەدۆزرێتەوە. لەسەر ئەو زانیاریانەی دەستیان کەوتووە، ئەوەیان هەڵسەنگاندووە کە ئایا ئەمە ئەوە دەهێنێت لەوێدا هەڵبدەن، یان ئایا ئەو ووڵاتە ئەوە دەهێنێت داگیر بکرێت. .پلانۆ کارپینۆ کە قەشەیەک بووە، سەفیرێک لە پادشای فەرەنساوە، ڕەوانەی یەکێک لە کوڕەکانی جەنگیزخانی بەناوبانگ دەکات، وە دەڵێت زۆرجار

تەتەرەکان ئەویان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لێی بپرسن ئایا مەڕو ووڵاخی زۆر لە مەملەکەتی فەرەنسادا هەیە؟ ئەمە هەر لە پرسیاری ئیسپانیەکان دەچێت کە دەیانەویست بزانن ئایا ئەمریکا ئەوەندە دەوڵەمەند بووە کە شایستەی داگیر کردن بووبێت. لەنێو تەتەرەکاندا، هەروەک هەموو ووڵاتە شوانکارەییەکان، کە بە گشتی ئاگاداری بەکارهێنانی پارە نین، ئاژەڵداری ئامرازی بازرگانی و پێوەری بەهایش بووە. هەربەوپێیە لای ئەوان، سامان لە ئاژەڵداری پێکدێت، هەروەک چۆن لای ئیسپانیەکان لە ئاڵتوون و زیو پێکدێت. لەنێوان ئەم دوانەیشدا، وادیارە بیرکردنەوەی تەتەرەکان نزیکتر بێت لە ڕاستی" (ئادام سمیس، Wealth of Nations، ل : ٢٧٦).

واتە بە پێچەوانەی میرکانتالیستەکانەوە، ئادام سمیس، ئەوە ڕەت دەکاتەوە، دەوڵەمەندیی ووڵات، لە ئاڵتوون و زیوەوە بێت. وە بەلای ئەوەوە، بیرکردنەوەی تەتەرە کێویەکان، نزیکتر بووە بە ڕاستی هەتا بیرکردنەوەی ئیسپانیە مەدەنیەکانی نێو دڵی شارستانیەتی نوێی سەردەمی کۆمەڵگای مەدەنی.

## ئابووری-مێژوویی:

هەروەک چۆن ئادام سمیس بە باوکی ئابووری سیاسی ناودەبرێت، ئا بەوجۆرە، کارل مارکس بە باوکی ئابووری-مێژوویی (ماتریالیزمی مێژویی) ناودەبرێت. جیاوازی ئەم دوو مەنهەجەیش ئەوەیە کە ئابووری سیاسی لە رابووردووەوە دەستپێدەکات بەرەو حازر، بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی -کۆمەڵگای برجوازی. ئابووری-مێژوویی لە بۆگەن بوونی سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و چاوبڕینە ئایندەی ئەو سیستەمەوە، دەڕوانێتە مێژوو.

هەر ئا لێرەوە دەبینین، هەرگیز ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین، ئابووری سیاسی، ڕەنگرێژی ئابووری-مێژوویی کردووە، ئەمەیش بەو واتایەی ئابووری سیاسی لە پەیوەندیە ماتریالیستیەکانەوە دەستپێدەکات.

کارل مارکس دەڵێت: "ئابووری سیاسی لەوەوبەر، ئەو فیکرەیەی بڕیارداوە کە دەڵێت پەیوەندیە چەوسێنەرە سەرەکیەکان بەگشتی، بە بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکرێن، ئەمەیش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئیرادەی ئەو تاکانەی کە دەبینن ئەو پەیوەندیانە، لە پێش ئەواندا هەبوون" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل : ٤٤٩).

ئابووری-مێژوویی لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە ئابووریی سیاسی تێیدا دەوەستێت، واتە لەو شوێنەدا کە ئابووری سیاسی، دان بە ئەبەدیەتی سەرمایەداریدا دەنێت. مێژووی ئەم ناکۆکیەی نێوان ئابووری سیاسی و ئابووری-مێژوویش، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابووریەکان کە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، چیتر گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە، یاسا پێکهێنەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە؛ یاسای وەختین نەک هەتاهەتایی، ئەو قەیرانانەیش دەرئەنجامی زۆری کاڵاو پێشکەوتوویی پیشەسازین نەک کەمی شتوومەک. قەیرانیش دەردێکی بێ چارەسەری کۆمەڵگای سەرمایەداریەو تا ئەو سیستەمە مابێت، ئەو دەردەی لێنابێتەوە، دەردی ناهاوسەنگیی ئابووری. هەر ئەوەیش یاسای جووڵێنەری ئەم کۆمەڵگایە، بە مێژوو دەناسێنێت. کارل مارکسیش خۆی، جیاوازی نێوان ئابووری سیاسی و ئابووری-مێژوویی، بەمجۆرە دەستنیشان دەکات:

"ئەو سەردەمەی کە هێشتا ناکۆکی چینایەتی تیایا گەشەی نەسەندبوو، ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی ئابووری سیاسی بوو، نوێنەرە گەورەکەیشی (ڕیکاردۆ) کە یەکەم زانای ئابووری بوو، بە ئارەزوو، ناکۆکی نێوان کرێکارو قازانج، قازانج و داهاتی کردە خاڵی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانی لە بری ناکۆکی نێوان بەرژەوەندیە چینایەتیەکان. وە ئەو ناکۆکیەی لە واقیعدا جیا ناکرێتەوە لە بوونی خودی ئەو چینانەی کۆمەڵگای برجوازییان پێکهێناوە، (ڕیکاردۆ) دەیەوێت ساویلکانە ئەمە وەک یاسایەکی سروشتی سەیر بکات کە سەبارەت بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، گۆڕانی بەسەردا نایەت .. وە ئیتر لێرەدا ئابووری سیاسی، ڕایگەیاند کە زانستێکی برجوازیە، واتە وا نابینێت کە سیستەمی سەرمایەداری قۆناغێکی وەختی و ڕاگوزەربێت لە قۆناغەکانی گەشەی مێژوو، بەڵکو وادەبینێت ئەمە دوایین شێوەی ڕەهای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بێت" (کارل مارکس، سەرمایە).

## قوتابخانەی کینزی:

گەشەی ئابووریی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانی، لە هەمانکاتدا گواستنەوەی دەدری قەیرانە ئابووریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بوو بۆ سەر ئاستی جیهانی. بۆیە ئابووری سیاسی و زاناکانی، لە هەوڵی ئەوەدا مانەوە

که چارەسەرێک بە سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێشکەش بکەن. ئەمەیش چەندان قوتابخانەی تری بەدوای خۆیدا هێنا. لەوانە قوتابخانە ئابووریەکەی کینز.

ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٣٠ دا، لە زانایەکی ئابووریی ئینگلیزیەوە، جۆن کینز دادەمەزرێنرێت، ئەمەیش وەک تیۆری چارەسەری قەیرانەکان. ئەم تیۆریە کە لەم چەرخەدا، سۆشیال-دیموکراتەکان بەدوایەوەن، دەرچوون لە متبوونە ئابووریە مەزنەکانی سەردەمی قەیرانە جیهانیەکان، بە زیاد کردنی باج و کەم کردنەوەی خەرجیەکانی دەوڵەت و چالاک کردنی داخوازی دادەنێت بە بەشداری دەوڵەت لە بازاڕدا.

## قوتابخانەی مۆنیتاریزم:

مۆنیتاریزم -نەختینەیی- برەو بە تیۆری نەختی دەدات و وای دادەنێت پارەو بانکی ناوەندی و ڕاگرتنی نرخ لە ئاستێکدا، لە توانایدایە گەشە بە ئابووری بدات. بەپێی ئەم قوتابخانەیە کە تیۆریەکانی بە قوتابخانەی کینزیشەوە دیارە، ئەگەر بڕی پارە زیاد بکات، ئابووری دەگەشێتەوە، بۆیە زیادکردنی بڕی پارە، سایکڵە ئابووریەکان سەرەوژوور دەکاتەوەو قازانج دەباتەوە سەرەوە. بەڵام کینز هەڵبەزودابەزی نرخ ڕەت ناکاتەوە، کە ئەمەیش خۆی بۆ خۆی، تەواوی بازاڕ لەو هەڵبەزودابەزو ناجێگیریانەی ئابووری سەرمایەداریەوە دەئاڵێنێت و قەیران دەکاتە پێویستیی ئابووریی سەرمایەداری.

## پوختە:

بەگشتی دوو مەنهەج و مێتودی ئابووری دەبینین: یەکەم: مەنهەجی ئابووری سیاسی؛ دووهەم: مەنهەجی ئابووری-مێژوویی. یەکەمیان بەتایبەت لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن سەرچاوە سنووردارەکانی نێو دەستی دەوڵەت وەک ئامێر، ووزە، هۆکارەکانی هاتووچۆ، داهاتی نەتەوەیی، ماتریالی خاو، زانیاری .. هتد، بەکاربهێنرێت لە ڕێفۆرمی سیاسی و ئابووریدا بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەر قەیرانەکاندا، وە یان چۆن سەرچاوەکان بە باشترین شێوە، لە کەرتە ئابووریەکاندا دابەش بکرێن. دووهەمیان لە چۆنیەتی جووڵەی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکۆڵێتەوەو ڕایدەگەیەنێت ململانێی چینایەتی، هێزی بزوێنەری ڕاستەوخۆی مێژووە، بەتایبەتی ململانێی چینایەتی نێوان برجوازیەت و پرۆلیتاریا بەو واتایەی بەهێزترین بنەمای گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیە. وە تا ئێستایش، ڕەچەتەی هیچ زانایەکی ئابووری سیاسی، نەیتوانیوە چارەسەرێک بە نەخۆشیەکانی ئەم کۆمەڵگایە پێشکەش بکات و ڕێ لە سەرهەڵدانەوەی دەردی قەیرانەکان بگرێت کە بە شێوەیەکی دەوری، ناوبەناو، هەروەک پەتا دادەکەون و بە هەموو دەمارێکی ئابووریی جیهانیدا گوزەر دەکەن. قەیرانەکانیش لە سایکڵە درێژەکانیدا، تەنانەت بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانییش پاشەکشە پێدەکات و بەردەوام توێژە ناوەندیەکان دادەبارێنێتە نێو چینە پرۆلێتێرە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگاوە، ئەمە مادام بزوێنەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری قازانجە. ئەم دەردە بێچارەسەرانەیش، خەسڵەتی هەمیشەیی ئەم سیستمەن، سیستمێک کە لە پێشکەوتوویی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، دواجار هەر خۆی، شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنان پێشکەش بە مێژوو دەکات، شێوازێک کە پێداویستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرێت نەک قازانجی کۆمەڵە کەسێکی کەم، ئەمەیش بە ڕێکخستنەوەی هێزی کارو کەرەسەکانی کارو دابەش کردنیان بەسەر کەرتە پیشەسازیەکاندا لە ئەندامانی کۆمەڵگایەکەوە کە خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهینەران تێیدا دەبێتە واقیع.

سەرچاوەکان:


1) Wealth of Nations, Adam Smith: Internet: www.econlib.org/library/Smith/smWN.html
2) Monetarism, Bennett T. McCallum, The Concise Encyclopedia of Economics
3) Lite om Marx och Keneys, Vad är Keynesianism?
4) Karl Marx, Capital: Critique of Political Economy

## قوتابخانە ئابووریەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەم

کارل مارکس

ئەوەندەی خەسڵەتە ناکۆکەکان ڕۆشن دەبنەوە، ئەوەندەیش زانا ئابووریەکان، نوێنەرانی زانستی بەرهەمهێنانی برجوازی، دەکەونە ناکۆکی لەگەڵ تیۆریەکانی خۆیاندا، وە قوتابخانەی هەمەجۆرە سەرهەڵدەدات.

ئێمە ئەو *زانا ئابووریە فەتەلیزمانەمان* (جەبری fatalist) هەیە، کە لە تیۆریەکانیاندا بایەخێکیان نیە بۆ ئەوەی ناوی دەبەن بە خراپەی بەرهەمهێنانی برجوازی، هەروەک چۆن برجوازیەکان خۆیان لە پراکتیکدا، هیچ دەربەستی ئازارەکانی ئەو پرۆلێتاریایە نین کە یارمەتییان دەدەن لە دەستخستنی ساماندا. ئا لەم قوتابخانە فەتەلیستیەدا، کلاسیکیەکان و ڕۆمانسیەکانیش هەن. کلاسیکیەکان، وەک ئادام سمیس و ڕیکاردۆ؛ نوێنەری ئەو برجوازیەتەن کە هێشتا لە ناکۆکیدان لەگەڵ پاشماوەکانی کۆمەڵگای فیۆدالیزمدا، وە تەنها کار لەسەر پاککردنەوەی شوێنەواری پەیوەندیە ئابووریەکانی فیۆدالیزم دەکەن، ئەمەیش بۆ گەشەدان بە هێزەکانی بەرهەمهێنان و پاڵنانێکی نوێ بە پیشەسازی و بازرگانیەوە. پرۆلێتاریایش لەم خەباتە گەرم و گوڕە وەختیەدا بەشدارەو ئەم تاقیکردنەوانە پراکتیزە دەکات و زەحمەتیشی لە پێناودا دەکێشێت. زانا ئابووریەکانی وەک ئادام سمیس و ڕیکاردۆیش، کە مێژوونووسی ئەم سەردەمەن، هیچ ئەرکێکیان نیە ئەوە نەبێت دەری بخەن چۆن سامان لە پەیوەندیە بەرهەمهێنەرەکانی برجوازیەتدا دەستدەخرێت، وە ئەو پەیوەندیانەیش لە کاتێگۆریەکاندا، لە یاسادا، دابڕێژن، وە زاڵ بوونی ئەو یاسا کاتێگۆریانە بەسەر یاساو کاتێگۆریەکانی کۆمەڵگای فیۆدالیدا ڕوون بکەنەوە. هەژارییش لە چاوی ئەوانەوە، هەر ژانگرتنی هەموو لەدایک بوونێکە، ئیتر ئەمە لە سروشتدا بێت یان پیشەسازی.

ڕۆمانسیەکان سەر بەم چەرخەی ئێمەن کە برجوازیەت تیایا، لە دژایەتیەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ پرۆلێتاریادا؛ لە چەرخێکدا کە هەژارییش، هەروەک لێشاوی سامان، دروست دەبێت تیایا. ئەم زانا ئابووریانەیش وەک فەتەلیستە بێتاقەتکارەکان، لە پایە بەرزەکەی خۆیانەوە، بە شانازی و لووت بەرزی و چاوێکی سووکەوە دەڕواننە ئەو ئامێرە مرۆییانەی سامان دروست دەکەن، وە ئیتر کۆپیەکی هەموو ئەو پێشکەوتنانە دەکەن کە ئەوانەی پێش خۆیان باسیان لێوە کردووە، وە دواجار، ئەو بێبایەخیەی لە لای ئەوان، هەر تەنها ساویلکەییەک بووە، لە لای ئەمان دەبێتە بێهودەیی.

پاشان *قوتابخانەی ئینسانیەکان* دێت، کە سۆزداریەکی بۆ لایەنە شەڕانیەکەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ئێستا هەیە. وە هەوڵدەدات بە ڕێگای کەم کردنەوەی ئەو جیاوازیە ڕاستەقینەیەی هەیە، ئەگەر کەمیش بێت، ئازاری ویژدانی کەم بکاتەوە، وە دڵسۆزانە خەفەت بۆ هەژاریی پرۆلێتاریا دەخوات، هەوڵدەدات برجوازیەکان ڕکابەری نێوانیان کەم بکەنەوە، ئامۆژگاری کارگەرانیش دەکات بە ڕازی بوون و خۆگری و کار کردنی زۆرو کەم کردنەوەی منداڵ؛ وە ئامۆژگاری برجوازیەکان دەکات سنوورێکی ماقوڵ دابنێن بۆ بەرهەمهێنان. هەموو تیۆریەکەی ئەم قوتابخانەیە، لەسەر جیاوازیەکانی نێوان تیۆری و پراکتیزە کردن وەستاوە، کە کۆتاییەکیان نیە لە نێوان پرنسیپ و دەرئەنجامدا، لە نێوان ئایدیاو پراکتیکدا، لە نێوان شێوەو ناوەڕۆکدا، لە نێوان جەوهەرو واقیعدا، لە نێوان ماف و فاکتەدا، وە لە نێوان لایەنی خێرو لایەنی شەڕدا.

*قوتابخانەی خێرخوازەکان* قوتابخانەی ئینسانیەکانەو گەیشتۆتە ئاستی کامڵ بوون. وە پێویستیی ناکۆکی ڕەتدەکاتەوە؛ دەیەوێت هەموو خەڵکی بکاتە برجوازی؛ دەیەوێت ڕیالیزەی تیۆری بکات تا ئەو شوێنەی کە جیادەبێتەوە لە پراکتیک و چیتر ناکۆکی ناگرێتەخۆ. پێویستیش ناکات بڵێین، لە ڕووی تیۆریەوە، ئاسانە ئابستراکتێک ئا لەو دژایەتیانە دروست بکرێت کە لە واقیعدا، هەموو چرکەساتێک، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بۆیە ئیتر ئەو تیۆریە دەبێتە ڕاستیەکی نموونەیی. لەبەر ئەوە خێرخوازەکان، دەیانەوێت، پارێزگاری ئەو کاتێگۆریانە بکەن کە دەربری پەیوەندیە برجوازیەکانن، ئیتر ئەمە بەبێ ئەو ناکۆکیەی ئەو پەیوەندیانە دروستیان دەکات و لێشیان دانابڕێن. ئەوان وا دەزانن بەمە تێکۆشانێکی جیدی دەکەن بەرامبەر بە پراکتیکەکانی برجوازیەت، بەڵام ئەوان بەمە لە برجوازیەت برجوازی ترن.

وه هەروەک چۆن *زانایانی ئابووری* نوێنەری زانستیی چینی برجوازیەتن، *سۆشیالیستەکان* و *کۆمۆنیستەکانیش* تیۆریستی چینی پرۆلێتاریان. وه ئەگەر پرۆلێتاریا هێشتا گەشەیەکی تەواوی نەکردبێت و خۆی وەک چینێک پێکنەهێنابێت، وه وەک دەرئەنجامی ئەوەیش، هێشتا خودی خەباتی پرۆلێتاریا لەگەڵ برجوازیەت، خەسڵەتێکی سیاسی وەرنەگرتبێت، وه هێشتا هێزەکانی بەرهەمهێنان، لە باوەشی برجوازیەت خۆیدا، پێشکەوتنێکی تەواوی بەخۆیەوە نەبینیبێت، کە توانای سەرنجێکی ووردبینانەمان بداتێ دەربارەی ئەو مەرجە ماتریالیستیانەی پێویستن بۆ ڕزگار بوونی پرۆلێتاریاو پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەوا ئەو تیۆریستانە هەر ئەو یۆتۆپیانەن کە بۆ وەدیهێنانی ئارەزووەکانی چینی چەوساوە، مەزهەب دادەنێن و دەکەونە گەڕان بەدوای زانستێکی نوێدا. بەڵام بەو پێوانەیەی مێژوو دەجووڵێت بەرەو پێشەوە، وه لەگەڵیشیدا هێڵە گشتیەکانی خەباتی پرۆلێتاریا ڕوونتر دەبێتەوە، ئیتر چیتر پێویستیان بەوە نامێنێت لە زیهنی خۆیاندا بۆ زانستێک بگەڕێن؛ بەڵکو تەنها ئەوەندەیان لەسەرە تێبینی ئەوە بکەن کە لەپێش چاویاندا ڕوودەدات، وه ببنە گووتەبێژی ئەو ڕووداوانە. وه هەتا ئەوکاتەی لە زانستێک بگەڕێن و هەر سیستم دروست بکەن، تا ئەوکاتە هێشتا هەر لە سەرەتای خەباتیاندان، وه لە هەژاریدا هیچ نابینن هەژاری نەبێت، ئیتر بەبێ ئەوەی لایەنە شۆڕشگێریەکەیشی ببینن، ئەو لایەنە ڕووخێنەرەی کۆمەڵگای کۆن هەڵدەگێڕێتەوە.

کارل مارکس/هەژاریی فەلسەفە

# ڕەخنەی مەنهەجی ئابووری سیاسی

کارل مارکس

کاتێک لە گۆشەی ئابووری سیاسیەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر هەر وولاتێکی دیاریکراو دەکەین، ئەوکاتە لە دانیشتوانەکەی و دابەش بوونیان بە چینەکانەوە، دەستپێدەکەین، لە شارو گوندەوە، لە دەریاوە، لە لقە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوە، لە هاوردەو هەناردەوە، لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی ساڵانەوە، لە نرخەوە، هتد دەستپێبکەین. وایش دەردەکەوێت دەستپێکردن لەم ڕەگەزە واقیعی و دەستنیشانکراوەکانەوە دروست بێت، واتە لە مەرج و پێشینە ڕابووردووەکانەوە. بۆ نموونە دەستپێکردن لە بواری ئابووریدا لە دانیشتوانەوە کە بنچینەی پرۆسیسی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بابەتەکەی پێکدەهێنێت. بەڵام لە پشکنینێکی ووردتری بابەتەکەدا، هەڵەی ئەم ئاراستەیە دەردەکەوێت. دانیشتوان هیچ پێکناهێنێت زیاتر لە بیرێکی ئابستراکت ئەگەر هاتوو بۆ نموونە، وازمان لەو چینانە هێنا کە ئەو دانیشتوانەی لێپێکهاتووە. ئەو چینانەیش بە دەوری خۆیان دەربڕینێکی بۆش و بەتاڵن ئەگەر بێتو شارەزای فاکتەرەکانی تریشی نەبین، بۆ نموونە: کاری کرێگرتە، سەرمایە، وە شتی تری لەو جۆرە. ئەم شتانەی دواییش بەدەوری خۆیان، ئاڵوگۆڕ، دابەشبوونی کار، نرخ، هتد دەخوازن. بۆ نموونە، سەرمایە هیچ پێکناهێنێت بەبێ کاری کرێگرتە، بەبێ بەها، پارە، نرخ، هتد. وە ئەگەر هاتوو دانیشتوانمان وەک خاڵی دەستپێکردن وەرگرت، ئەوکاتە لە تێڕوانینێکی زۆر ئاڵۆزی گشتەوە دەستمان پێکردووە. بۆیە دەبێت بە هۆی شیکردندنەوەوە، بەرەو ئاسان کردنی زیاتری کۆنسێپتەکان بڕۆین، وە بەهۆی پێناسەی زۆر ووردترەوە، لە سنووری وەهمە دەستنیشان کراوەکانمانەوە، بگوێزینەوە بۆ ئەو ئابستراکتانەی بەردەوام لە بازاڕی بوونی زیاد دەکات هەتا دەگاتە سادەترین پێناسە. ئا لێرەوە دەکەوێتە سەرمان گەشتەکە بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەستپێبکەینەوە تا سەرلەنوێ بە دانیشتوان دەگەینەوە، بەڵام ئەمجارە ئیتر وەک تێڕوانینێکی دیاریکراوی ئاڵۆزی گشت نا، بەڵکو وەک کۆمەڵە گشتێک کە ژمارەیەک دەستنیشانکراوو پەیوەندی گرتۆتەخۆ. ڕێگای یەکەمیان ئەو ڕێگا مێژووییەیە کە ئابووری سیاسی لە سەردەمی سەرهەڵدانیدا، شوێنی کەوتبوو. بۆ نموونە زانا ئابووریەکانی سەدەی حەڤدەهەم، هەمیشە بوونەوەرێکی زیندوو، دانیشتوان، نەتەوە، دەوڵەت، چەند دەوڵەتێک، وەک خاڵی دەستپێکردن وەردەگرن. بەڵام ئەم شیکردنەوانە، هەمیشە لە کۆتاییدا، بەرەو دۆزینەوەی ژمارەیەکی کەم پەیوەندی گشتی و سنووورداری بردوون، وەک دابەشبوونی کار، نەقد، بەها. دوای دەرئەنجام وەرگرتن لەم فاکتەرە لێکدابڕاوانەو جێگیر کردنیان بەڕوونی بەم یان بەو ئاست، ئینجا ئیتر سیستمی ئابووری برەو پێدەدرێت کە لە کۆنسێپتە سادەکانەوە دەستپێدەکات، وەک کارو دابەشبوونی کارو داخوازی و بەهای ئاڵوگۆڕ، هەتا دەگاتە گووتارەکانی وەک دەوڵەت و ئاڵوگۆڕی نێوان وولاتان و بازاڕی جیهانی. وە ڕوونیشە، ئەم ڕێگایەی دووهەم، مەنهەجێکی زانستی ڕاست و دروستە. کۆسێپتە کۆنکرێتەکان (بەرجەستەکان = العيني، مجسد) وەک ئەوەن کە هەن، واتە ئەمە لە ژمارەیەک دەستنیشانکراوی یەکگرتوو پێکهاتووە وەک یەکێتیەک کە لایەنی هەمەجۆرەی شتەکەی تێدا کۆبۆتەوە. بۆیە ئەو کۆنسێپتە لە پرۆسێسی بیرکردنەوەدا وەک پوختە دەردەکەوێت نەک دەرئەنجام، یان نەک وەک خاڵی دەستپێکردن، ئەمە لەکاتێکا ئەمە خاڵی دەستپێکردنی ڕاستەقینەیە، واتە خاڵی دەستپێکردنی تێبینی و لێووردبوونەوەیە. مەنهەجی یەکەم[1] تێڕوانین و ماناکانیان دەگۆڕێت بۆ دەستنیشانکردنێکی ئابستراکت، ئەمەیش بە ئاسان کردنەوەی چڕیەکەی. ئەمە لەکاتێکا مەنهەجی دووهەم[2] لە دەستنیشانکراوە ئابستراکتەکانەوە دەمانباتەوە بەرەو بەرهەمهێنانەوەی کۆنکرێتەکە لە پرۆسێسی بیرکردنەوەدا.

ئا لێرەوە هیگڵ بەو دەرئەنجامە وەهمیە گەیشتووە کە دەڵێت جیهانی بەکردەوە دەرئەنجامی ئەو بیرەیە کە هەر خۆی هۆکاری یەکگرتنی خۆی و قووڵبوونەوەو بزواندنی خۆشیەتی، بەڵام ئەو مەنهەجەی لە ئابستراکتەوە دەڕوات بەرەو کۆنکرێت، هیچ نیە ئەو مێتودە نەبێت کە بەهۆیەوە بیری کۆنکرێت وەردەگرێت و دووبارە وەک گووتارێکی کۆنکرێتی بیر بەرهەمی دەهێنێتەوە.

بە بەراوورد لە نێوان سێ سەرچاوەدا وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی. سەرچاوەی دووهەم وەک ئەسڵ وەرگیراوە ١) کارل مارکس، الغروندريسة، ل ١١١ هەتا ١٢٥ – ٢) کارل، مارکس، نصوص حول أشكال الانتاج ما قبل الرأسمالية، کۆکردنەوەو پێشکەش کردنی اريک ج . هوبزباوم، وەرگێڕانی لیژنەیەک بۆ عەرەبی بە سەرپەرشتی و پێداچوونەوەی دکتۆر صادق جلال العظم، لاپەڕەکانی: ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٦، ١٤٧ – ٣) arl Marx, Grundrisse, Foundations of the Critique of Political Economy (Rough Draft)
سەرچاوەی ئەلەکترۆنی: /https://www.marxists.org/archive/marx/works/1857/grundrisse

---

[1]. مەبەست مەنهەجی ئابووری سیاسیە.

[2]. مەبەست مەنهەجی ئابووریی – مێژووییە، ماتریالیزمی مێژوویی کە لە هەمانکاتدا، سنووری نێوان مەنهەجی مارکس و مەنهەجە فەلسەفیەکەی هیگڵیش دەکێشێت، واتە مەنهەجی دیالەکتیکی.

## لە کوێدا ئابووری سیاسی مایەپووچ دەبێت؟

کارل مارکس

تەنانەت لە ژیانی ڕیکاردۆیشداو بە پێچەوانەی ئەویشەوە، سیسمۆندی، ڕەخنەی ئابووری سیاسی گرتووە. هەرچەندە ئەو قۆناغە، ١٨٢٠ - ١٨٣٠، لە ئینگلترەدا دەستی بە گەشانەوەی زانستیی کردەوە لە مەیدانی ئابووری سیاسیدا. ئەوە قۆناغی بڵاوبوونەوەی تیۆریەکانی ڕیکاردۆ بوو کە لە هەمانکاتدا قۆناغی خەبات بوو دژی قوتابخانەی کۆن .. ئەوکاتە، لە لایەکەوە پیشەسازی گەورە، تازە تەمەنی منالی جێهێشتبوو .. وە سایکڵەکانی ژیانی هاوچەرخیشی دەستی پێنەکردبوو هەتا قەیرانی ساڵی ١٨٢٥، لە لایەکی تریشەوە، خەباتی چینایەتی نێوان سەرمایەو کاریش چووبووە دواوە ... لە ساڵی ١٨٣٠ دا قەیرانێک ڕوویدا کە هەر یەکسەر هەموو شتێکی چارەسەر کرد. لە فەرەنساو ئینگلترەدا برجوازیەت دەسەڵاتی سیاسیان گرتە دەست. وە ئیتر ئەوکاتە خەباتی چینایەتی، چ لە کردەوەو چ لە تیۆریدا، زیاترو زیاتر شێوەی هەڕەشەی وەرگرت. وە ئیتر ئەوکاتە زەنگی ئابووری سیاسی برجوازی زانستی لێیدا...

شۆڕشە کیشوەریەکەی ساڵی ١٨٤٨ لە ئینگلترەیشدا ڕەنگی دایەوە. وە ئەوانەی هێشتا خۆیان زانستیانە نیشان دەداو هیچ ڕۆڵێکیشیان نەبوو پۆشینی بەرگێکی سەفسەتەیی و ماستاوچێتیەکی زەلیل نەبێت بۆ چینە سەروەرەکان، هەوڵیان ئەدا یەکخستنێک دروست بکەن لە نێوان ئابووری سیاسی سەرمایەو قسەکانی پرۆلیتاریادا، ئەو چینەی چیتر نەدەتوانرا بێبایەخ سەیر بکرێت. باشترین نوێنەریشیان جۆن ستیوارت میڵ بوو لە یەکخستنێکی هیچ وپووچی نێوان بۆچوون و مەزهەبە ناکۆکەکاندا. ئا ئەمە مانای مایەپووچ بوونی تەواوی ئابووری سیاسی برجوازی بوو، کە پێشتریش زاناو ڕەخنەگری ڕووسی نیکۆلای تشیرنیشیفسکی شارەزاییانە ئەو مایەپووچ بوونەی دەرخستبوو (کارل ماركس، رأس المال، تذييل للطبعة الالمانية الثانية، ماركس - انجلس، منتخبات في ثلاثة مجلدات، المجلد ٢، الجزء ١، دار التقدم. موسكو، ل : ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦).

تێبینی: ئەم وەرگێردراوانەی سەرەوە، هەمان پێشەکین بۆ کتێبی سەرمایە، بەڵام لە دوو وەرگێرانی عەرەبی جیاوازەوە وەرگیراون وەک لە سەرەوە دەیبینن. جیاوازییش لە وەرگێرانەکاندا هەیە لە نێوان سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا.